Kurdistannet کوردستان نێت

# کورتەوەڵامێك بۆ کۆماری ئیسلامیو "پژاك ـ پ ك ك"

لەو ماوەیەی دواییدا شەپۆلێك لە تەبلیغات دژ بە پارتو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە لایـەن"پـژاك ـ پ ك ك"و هاوکات سایتی بازتاب کە سەر بـە موحسـێنی رەزایـی فەرمانـدەی پێشـووی سـوپای پاسـدارانی شورشـی ئیسلامی ئێرانە دەستی پیّ کردووەو زۆر بە توندیو بیّ بەزەییانە هێرش دەکەنە سەر حیزبـە سیاسـیەکانی کوردسـتانی ئێران و ئەوەی شیاوی باڵای خۆیانە ، دەیبڕن بە باڵای ئەو حیزبە سیاسیانەداو بەچەواشـەکردنی راسـتیەکان و بەزانـدنی هەر چەشنە سنوورێکی ئەخلاقیو بەهێنانە سەر زمانی وتەی ناحەز و ناشیرین ، بە خەیاڵی خویـان دەیانـەویّ پێگـەی خەڵکی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە نێو بەرن ، بەڵام ئەوە خەیاڵێکی خاوە ، چوونکە ئەو حیزبانە بەرهەمی خـوێنی هەزاران شەهید و تێکوشانی بیّ پسانەوەی دەیان ساڵەی نەتەوەیەکن و بەو سووکیو ئاسانییە هیچ کام لەو حیزبانە پێك نەهاتوون تا بە هەر وتەیکی بیّ ناوەروكو بیّبنەما بتوێنەوە ، بۆیە کوماری ئیسلامی ئێران و "پژاك ـ پ ك ك " دڵنیا دەکەمەوە ، درێژەپیّ دانی ئەورێگایە کە گرتۆیانەتە پێش بە غەیری ماندووبوونی و ریسوایی شتێکی دیکـەی بـە دواوە نیە .

لە درێژەی ئەو باسەدا دەمەویّ تیشك بخەمە سەر ئەو راستیانە کە سایتی رۆژهەڵات سەر بە " پـژاك ـ پ ك ك"و سایتی بازتابی موحسێنی رەزایی لەچەند بابەتدا چەواشەیان کردوون و راستیەکانیان بە تەواوی پێچـەوانەو بـە قـازانجی خویان بڵاو کردوونەتەوە، بۆیە پێویستە راستیەکان بۆ ڕای گشتی روون ببنەوە.

سایتی رۆژهەڵات لە بابەتێك لە ژێر ناوی "سخنی چند با دوستان دمکـرات و کوملـە" ئـاوا دەنووسـێت: "اخـیرأ مثلث برآمده از یك ساختار سیاسی ترکیبی جدید یعنی حزب دمکرات کردستان ایران " یەکێتی شورشگێران "یاهمـان اتحاد انقلابیون وکومله زحمتکشان شاخه منسوب به عبدالله مهتدی ، در یك گفتمان از پیش طـراحی شده و هماهنگ اتهامات چندی را علیه "حزب حیات آزاد کردستان ـ پژاك" بەراه انداختەاند که در آن از پژاك به عنوان عامل وابسته به جمهوری اسلامی نام می‌برند که با استفاده از نیروی نظامی قصد سوء استفاده از جنبش حق‌طلبانه کرد را دارد. آن هم بدون ارائه کوچکترین مدرك و سندی، کەکار انسانهای بی‌منطق و سفسطەپرداز است ..."

بۆ روون کردنەوەی ئەم بابەتە دەبیّ بڵێن تا ئیستا ئاوەها پێك هاتەیەکی سیاسی کە ئەو سیّ حیزبە پێکیان هێنابـیّ لە ئارادا نیە و پێك نەهاتووە تا وتەیەکی هاوبەشو لە پێش داریژراو دژ بە " پژاك ـ پ ك ك " دەربکەن ، بۆیە ئەو وتەیە بە تەواوی بیّ ناوەروکە. ئەوە راستییەکە کە بۆ روون کردنەوەی پێویستی بە پلانی لە پێش دارێـژراو نیـە و ئـەوە شتێکە کە لە لای هەموان روونە و تەنانەت ئەو شتە کە ئێوە حاشای لیّ دەکەن لە زاری هێندێك لە ئەندامانی کـونی " پژاك ـ پ ك ك "وە دەرکەوتووە بو وێنە " عوسمان جەعفەری " ئەندامی کۆنی "پژاك ـ پ ك ك" کە لە گەڵ هێنـدیك لە هەڤاڵانی لە پژاك جیا بوونەتەوە وئێستا ریکخراوێك بە ناوی " یەکیتی دێموکراتی کوردستان "یان پێك هێنـاوە لـە وتوویژێکدا لە لەگەل ژمارە ١٣٥ی گۆڤاری ئاسۆ پاش ئەوەی کە دەڵیّ پژاك رێکخراوێك بـوو بـۆ رۆژهـەلات کوردسـتان کەP.K.K دروستی کردبوو ، دەڵیّ "یەکیّ لەو تەنازولاتەی کە P.K.Kکردی بە نهێنی وشاراوەیی مامەڵە لـە سـەر حیسابی پارچەکانی تری کوردستان ، بە تایبەت رۆژهەڵات لەگەڵ ئێراندا کردی ، ئێمەش کاتێك هەستمان بەوە کرد کـە چاوپیّکەوتنی نوێنەرانی کوماری ئیسلامی لە گەڵ سەرانی "پ ك ك " وا بـەردەوام لـە قەنـدیل و ورمـیّ سـاز ببـوو،

ئێمەش چەند جار دانیشتن و پێمان گوتن با ئەو شتە لە سەر حیسابی ئێمە نەبێت و... بەلاّم بە داخەوە گوێیان نەداو لە سەر حیسابمان هێندێ شت کرا، کاتێ ئێمەش ئەمەمان زانی ، لە P.K.K هاتینە دەرەوە، چوونکە ئێمە نەماندەتوانی بەری ئو کارە نەهێنییەی نێوان P.K.K وئێران بگرین" هەروەها دەڵێ "P.K.K لە جوگرافیایەکی وا دا خەباتی دەکرد کە زوربەی لەسنوورەکانی ئێرانەوە قەراری گرتبو. وە ئەو هاوسەنگییە کە لە ناوچەکەدا هەر رۆژ دەهات و دەچوو وای لە P.K.K کرد بوو کە هیچ رێگایەك بۆ ئەو نەمێنێتەوە بە غەیری ئێران نەبێت، ئێرانیش دەستێکی توانای هەبوو لە تواندنەوەی حیزبە کوردییەکاندا، زۆر حێزبی پاسیڤ کردبوو، توانی P.K.K بخاتە ژێر زۆر سیاسەتی خویەوە..." ئەو شتانەی کە عوسمانی جەعفەری ئەندامی کۆنی " پژاك ـ پ ك ك" دەری بریون بەڵگەیکی حاشا هەڵنەکرن بۆ سەلماندنی ئەو راستیەکە "پژاك" ـ "پ ك ك" عامێلی کوماری ئیسلامیی ئێرانو لێرەدا فەلسەفەی دامەرزاندنی پژاك بەروونی دەردەکەوێ کە لە خوارەوە لە چەند خالّدا ئاماژەی پێ دەکری :

١) پێك هێنانی ئالّتێرناتیڤێك بۆ حێزبەکانی کوردستانی ئێران کە جێبەجێکەری سیاسەتەکانی رژیمی ئێران بێتو لەوەش گرینگتر لە کونترولّی خودی کوماری ئیسلامیدا بێت .

٢) بەلارێدا بردنی شورشی کوردستانی ئێران .

٣) پشت هەڵکردنی خەڵك لە حێزبەکانی کوردستانی ئێران.

٤) بردنی لاوانی کوردستان بۆ نێو رێکخراوێك کە هیچ پێوەندییەکی بە کوردستانی ئێرانەوە نیە.

٥) پاسیڤ کردنی حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران.

٦) دابین کردنی هێزی چەکدار بۆ P.K.K بە مەبەستی فشار خستنە سەر ی دەولّەتی تورکیە.

سایتی رۆژهەلاّت لە درێژەی ئەو بابەتەدا دەڵێ " اما کاملان واضح و آشکار است که آقایان محترمی که در گوشه عافیت خزیده‌اند و همه شاهکارشان ترجمه یکی دو کتاب به زبان کردی و پخش موسیقی‌های کوچه بازاری از رادیوهایشان است، خواسته یا ناخواسته در راستای ادعاهای دشمنان خلق کرد به حرکت در آمده اند. آنان می‌کوشند پژاك را عامل نا آرامی‌های اخیر دانسته و خلق کرد را فاقد اراده سیاسی و حس اعتماد به نفس معرفی نمایند".

بێ گومان مەبەستی سایتی " پژاك ـ پ ك ك" وبازتاب لەو خالّەی سەرەوە حێزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە و ئاماژەیە بەوە کە هێزی چەکداری حێزب لە ناوچەدا نەماون . بەڵێ ئەوە راستە کە حیزبی دێموکرات بۆ ماوەی چەند سالّێکە شەری چەکداری نەکردوە، بەلاّم ئەوە بەو مانایە نیە کە هێزی چەکداری نەمابێ یان شەری چەکداری رەدکردبێتەوە، بەڵکو هەر کاتێك بە پێویستی بزانێ وهەلی بۆ برەخسی خەباتی چەکداریش دەس پێدەکاتەوە. شەری چەکداری , شێوە خەباتێکە کەدەبێ لە گەڵ هەلوومەرجی نێوخۆییو ناوچەیی وجیهانی یەك بگریتەوە وهەروەها پێویستی بەپشتی جبهە هەیە. جیالەوانە، لە ئاستی ناوچەیی دا ئەوە بو یەکەم جارە کە بەشێکی کوردستان (کوردستانی عێراق ) ئەو هەلەی بۆ دەرەخسێ کە دەستی بە مافەکانی رابگات، بۆیە ئەو دولّەتانەی کە کوردیان تێدا دەژیت بەردەوام بە شوێن بیانوویەك دەگەرێن کە پێش بە دەستەبەر بوونی ئەو مافانە بگرن، بۆیە شەر دژی ئەو دەولّەتانە لە خاکی کوردستانی عێراقەوە بە زیانی جوولاّنەوەی کوردستانی عێراق تەواو دەبێو قازانجی کۆردی تێدانیە.

کشانەوەی هێزە چەکدارەکانی حیزب لە کوردستانی ئێران بە مانای هاتنەدەرێ حیزب لـە نێـو خەڵکیـدا نیـە، بەڵکوو بە هەزاران کەس لە ئەندامانی نهێنی حیزب لە شارو گونـدی کوردسـتان لـە نێـو خـەڵکیدان و خـەریکی رێکخسـتنی خـەڵکین. راپـەرینی بـەربلاوی ئـەم دوایانـەو شـەهیدبوونی چـەندین کـەس لـە ئەنـدامانی نهێنـی ودەسگیرکرانی دەیان ئەندامی حیزب بەڵگەیەکن بو سەلماندنی ئەو راستیە. هەروەها ئەو دروشمانەی کـە لـە لایـەن خەڵکی راپەڕیوی کوردستانەوە دران دەربڕی ئە و راستیەیە کە حیزبی دێموکرات هەمو کاتێك لە نێو دڵـی خـەڵکی دایە.

"پژاك ـ پ ك ك" دەڵـێ: شاکاری ئاغایان بووەتە وەرگێرانی چەند کتێبێك بە زمانی کـوردیو بڵاوکردنـەوەی موسیقی کووچە بازاری، دەبێ بوترێ ئەمە سیاسەتی هەمشەیی پ ك ك بووە کە بە بچووك کردنەوەی حیزبـەکانی کوردستان تیدەکوشێ خوی وەکوو حیزبێکی گەورە و سەرەکی نیشان بدات. یان دەڵـی بتـەوێ یـان نەتـەوێ ئـەو حیزبانە هاودەنگ لەگەڵ خواستەکانی دوژمەنانی کورد دەجووڵێنەوە. بە سـەرەنجدان بـەو خاڵانـە کـە لـە سـەرەوە ئاماژەیان پێ کرا ئەوە"پژاك ـ پ ك ك" یە کە عامیلی جێبەجێ کردنـی سیاسـەتی دوژمـەنانی گـەلی کـوردە و دیەوێ بە هەراو هوریا کردن ناوچەکە بە قازانجی دوژمەنانی کورد و زیانی نەتەوەی کورد ئاڵوز بکات.

لەسەر سەرهەڵدانی ئەم دواییەش هیچ کەس و لایەنێك بە غەیری بازتاب، سایتی سوپای پاسداران وموحسـێنی رەزایی حیسابیان بۆ "پژاك ـ پ ك ك" نەکردووە بە عامیلی راپەرینـەکانی ئـەم دوایانـەی کوردسـتان ناویـان لێ نەبردووە.

"پژاك ـ پ ك ك" دەڵێ دەیانەوێ خەڵکی کوردستان بی ئێرادە نیشان بدەن، جێگای ئاماژە پێ کردنە کـە خـەڵکی کوردستان بە دامەزراندن حیزب و رێکخراوی سیاسی جۆراوجۆرو بە بەرێوەبردنی دەیانساڵ خەباتی چەکدارانە، ئێرادەی سیاسی و هەستی باوەر بە خۆ بوونیان سەلماندووە، بەڵکو ئەوە ئێوەن بە پـەرە پێدانـی دروشمگـەلێك وەکـوو"ئوجـالان ئێرادەی سیاسی کوردانە" و"بی سەرۆك ژیان نابێ"دەتانەوێ ئێـرادەی سیاسـی و هەسـتی بـاوەر بـەخۆ بـوون لـە نێـو خەڵکیدا لە نێو بەرن.

لە درێژەی نووسراوەکەدا سایتی رۆژهەلات و بازتاب دەڵێین"آقایان محترم بهتر است تا بجای ایراد اتهامات چنین نـاروا بە حزب و سازمانی کە با همە قوش توان و قیمت از دست دادن بهترین کادرها و اعضـایـش همچـون رفیـق "زاگـرس ورفیق دلیر و رفیق شیار" و دهها مبارز دیگری کە در مقام حمایت از سرهلدان و مبـارزات بحـق خلقمـان وارد عرصـە مبارزە شدە، حضور بیدریغش را اعلام کردە و عملا پای در راە نهادە...."

بەوتەی شەهید دوکتور قاسملوو "سیاسەت هونەری مومکینە". سیاسەت هەراوهوریا نیە، سیاسەت کایـەکردن بـە چارەنووسی خەڵك نیە، ئەگەر سیاسەت کردن بە قسەی زل زل و دروشمی گەورە گەورە بوایا، دبوایا تا ئێسـتا P.K.K چوارپارەچەی کوردستانی رزگار بکردبایا. خەبات کردن بو دەستەبەر کردنی مافی نەتەوەیەك تەنیا بە یـەك شـێوە نیـە، بەڵکوو شێوەگەلێکی جوراوجوری هەیە. کاتی وا هەیە کە تەنیا رێگە شەری چەکدارانەیە، کاتی وا هەیە بە رێکخستنی راپەرینی جەماوەری دەکرێ، کاتی وا هەیە کە لە رێگای وتووێژ و کاری دیپلوماسیی دەکرێ.... خۆ حیزبـی دێمـۆکرات حیزبێکی شەڕخواز نیە کە بە تەنیا زمانی چەك، زمانی قەناعەتی بێت، حیزبی دێمۆکرات سەلماندویەتی کـە لـە هـەموو

ئەو شێوە خەباتانە سەرکەوتوو بووە، هەر بۆیە ئەو حیزبە رۆژ لە دوای رۆژ حیسابی لە سەر دەکرێ. سیاسەتی حیزبی دیمۆکرات سیاسەتێکی عەقڵانی و مەسئوولانەیە و پێویستی بەخۆ مەترەح کردن نیە، چوونکە تا رادەیەکی بێ وێنە لە نێو خۆو لە دەرەوە مەترەحە، بەڵکوو ئەوە "پژاك ـ پ ك ك" یە کە دەبێ خۆی لە دار ودیوار بدات تا خەڵکی ناوی ببات. ئەوە بۆ ماوەی ٦٠ ساڵە حیزبی دیمۆکرات بێ پسانەوە لە پێناوی ئەو خەڵکەدا خەبات دەکات و هەر دەم ئامادەیە لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان خەبات‌و فیداکاری بکات. بە ئاوڕدانەوەیەك لە مێژووی حیزبی دێموکرات ئەو راستییانە دەردەکەون. حیزبی دێموکرات شەهید پێشەوا، سەرکۆماری کوردستان، شەهیدی گەورەی گەلەکەمان دوکتور قاسملووو شەهید دوکتور شەرەفکەندی‌و دەیان کادری لێ‌هاتووی رێبەری حیزب‌و هەزاران شەهیدی دیکەی لە پێناوی نەتەوەی کورددا داوەو ئێستاش ئەو کاروانە هەروا درێژەی هەیەو رۆژ لەدوای رۆژ ئەندامانی حیزب لە ژێر ئەشکەنجەی نامرۆڤانەی رژیمی ئێراندا شەهید دەبن کەچی "پژاك ـ پ ك ك" ناوی سێ کەس لەسەر سایت بڵاو دەکاتەوە کە کەس نازانێ کێن؟و بە چ مەبەستێك گیانیان لەدەست داوە؟ دەیەوێ بەوانەوە خۆی مەترەح بکات. ئاخۆ پژاك کە لقێکە لە P.K.Kو P.K.Kیش هاوپەیمانی بێ‌ئەملاوئەولای کۆماری ئیسلامی‌یە، چۆن دەتوانێ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بێت‌و لە دژی ئەو رێژیمە شەڕ بکات؟ حیزبێك کە لەسەر کوردی ئێران لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مامەڵەی کردوە چۆن دەتوانێ لەگەڵ ئەو رێژیمە بە شەڕ بێ؟ هەر کەسێك تۆزێك کاری سیاسی کردبێت یان شەڕی چەکداری کردبێت دەزانێ هێزی چەکدار پێویستی بە پشتی جەبهەو جێگایەك بۆ مانەوەو حەوانەوە هەیە، ئاخۆ پشتی جەبهەی پژاك ـ پ ك ك کوێ‌یە؟

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەتەنیا لە بەرامبەر خەڵکی کوردستانی ئێراندا بەڵکوو لە بەرامبەر پارچەکانی تری کوردستاندا خۆی بە بەرپرس دەزانێ. هەربۆیە تا ئێستا هیچ حیزبێك‌و لایەنێك بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نیە کە تێی‌دا ئەو حیزبە خەیانەتی بە کوردی پارچەکانی دیکە کردبێت. وەهەموو کاتێك بەرژەوەندی نەتەوەیی لە سەرەوەی بەرژەوەندی حێزبی داناوە, بۆ وێنە کاتێك فایلەکانی موخابراتی رێژیمی بەعس دەرکەوت، هیچ بەڵگەیەك لەسەر حیزبی دێموکرات بەدی نەکرا کە رەنگ و بۆنی خەیانەت بە کوردی پێوە دیار بێ ِئەوە لەکاتێکدایە کە پتر لە دوو دەیە پشت جەبهەی حیزب، عێراقی ژێر دەسەڵاتی سەددام حسێن بوو.

کاتێك رێژیمی بەعس حەلەبجە کیمیاباران دەکات، حیزبی دێموکرات مەحکوومی دەکات، کاتێك رێژیمی بەعس لە جەرەیان شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ ئێراندا، شارەکانی کوردستانی ئێران بومباران دەکا لە بەرامبەری‌دا هەڵوێست دەگرێ، کەچی P.K.K سەرهەڵدانی رۆژی سێی رەشەمەی سنە بە حەرەکەتێکی کەمالیستی ناو دەبات‌و مەحکوومی دەکات. بەڵێ ئەوەیە سەربەخۆیی سیاسی، نەك ئەوەی کە P.K.K هەیەتی کە هەر رۆژ لەسەر بەشێك لە کوردستان لەگەڵ دوژمنان مامەڵە دەکات. تا دوێنێ لەسەر کوردستانی سووریە لەگەڵ حافز ئەسەد مامەڵەی دەکردو حاشای لە کوردی سووریە دەکرد، بەڵام لەو دەمەوە کە ئوجالانی لە بەرامبەر ئاودا بە تورکیە فرۆشت، شەڕی یەکیەتی‌و پارتی دەکرد، ئێستاش نۆرەی کوردستانی ئێران گەیشتووە. ئەوە پێی دەڵێن سیاسەتی ماکیاولی، کە بۆ گەیشتن بە ئارمانج لە هەر ئامرازێکی پیرۆزو ناپیرۆز کەڵك وەردەگرن.

له درێژەی نووسراوەکەدا سایتی رۆژهەلات دەڵـێ: ". . .(پژاك) حضور بی‌دریغش را اعلام کرده و عملاً پای در راه نهاده، از گوشه عزلت عافیت بیرون آیند و سرمنزل فراغت از کف فروگـذارندو چشم بر واقعیـات کردسـتان بگشـایند. بیش از پیش آب به آسیاب دشمنان آزادی و دمکراسی نریزند".

پژاك ـ پ ك ك ئەو سیاسەتانەی کە گرتوویانەتەپێش زۆر کـۆنو لاوازەو دەیانـەوێ لـە سـەدەی ٢١دا لـە رێگـای چەواشەکردنی راستی‌یەکان خەڵکی فریو بدەنو بڵێن ئێمە تاقە حیزبی مەیدانین، حیزبەکانی دیکە ئاشـبەتاڵیان کـردووەو لە مەیداندا نەماون. "پژاك ـ پ ك ك" وەکوو تاقمە" ئاپۆرتۆئیستەکان" دەیەوێ لە بـارودۆخی ناوچـەکە بـە قـازانجی خۆی کەڵك وەربگرێ. ئەگینا پژاك ـ پ ك ك باش دەزانێ کە حیزبی دێموکرات هێزو توانای بۆ شەڕکردن لـەوان زۆرتـرە بەڵکو تەنیا لەبەر چەند هۆکارێکەوە کە پێوەندی لەگەڵ کوردستانی عێراقەوە هەیە هێزی چەکدار نانێرێتەوە ناوچە.

دڵنیام کە رێبەرانی پژاك ـ پ ك ك چاك دەزانن کە کۆمـاری ئیسـلامی چـەندە بـە حیزبـی دێمـوکرات حەساسـەو پەیتاپەیتا فشار دەخاتە سەر دەوڵەتی عێراقو حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەربەست کردنـی حیزبـی دێمـوکرات. ئاماژەکردن بە هەڕەشەی ئەم دواییانەی حکوومەتی عێراق لەو لایەنە سیاسـییانەی کـە لـە خـاکی عێـراق بـۆ شـەڕی چەکداری لە دژی کۆماری ئیسلامی کەڵك وەردەگرن، پێویستە، کە رووی ئەم هەڕەشەیە زیاتر لە هـەموان لـە حیزبـی دێموکراتە چوونکە گەورەترینو بەهێزترین حیزبی کوردستانی ئێرانە، بەلام پ ك ك کە هەموو کاتێـك ویسـتوویەتی بـە وردکردنی لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستانو بچووك نیشاندانیان خۆی بکێشێتە سەرێ، لەو هەموو زەختەی کـە لەسـەر حیزبی دێموکراتە خۆی گێل دەکاتو دەیەوێ ئەو شتە بە قازانجی خـۆی بقۆزێتـەوەو بـە تـەبلیغاتی بێ‌جێگـەو قسـەی ناشیرینو ناحەز خۆی مەترەح بکات. ئاخۆ مەبەستی رێژیمی ئێرانو "پژاك ـ پ ك ك" لەو تەبلیغاتە کە لە سایتەکانیان ـ بازتابو رۆژهەلات ـ هاوکات دەستیان پێ‌کردووە چیە؟ ئایا کێشانەوەی ئەو حیزبانە بۆ نێـو کوردسـتانی ئـیران نیـە؟! کۆماری ئیسلامی دەیەوێ لەو تەبلیغاتانەو "پـژاك ـ پ ك ك" وەکـوو هانـدەرێك کـەڵك وەربگـرێ تـاکو حیزبـەکانی کوردستانی ئێران لەو بارودۆخە نالەبارەی ناوچەکەدا بکێشێتەوە نێو خاکی کوردستانی ئێران. مەبەست لەم کارە ئەوەیە کە رێژیمی ئێران بە دەوڵەتی عێراق نیشان بدات کە لە خاکی عێراقەوە هێرش دەکرێتە سەر خاکی ئێـران، بـەم شـێوەیە جیا لە هێنانەوەی پاساو بۆ یارمەتی تیرۆریستە عێراقی‌یەکان، خۆی بە قوربانی تیرۆریزم نیشان بداتو بەم جۆرە رێـژیمی ئێران دەیەوێ جووڵانەوەی کوردستان لە بەرامبەر تاقمە تیرۆریستەکانی عێراقەوە دابنێو مامەڵەی لەسەر بکات.

سایتی رۆژهەلات دەڵـێ پتر لە جاران ئاو هەڵ مەکەن بۆ ئاسیاوی دوژمن، باشە دەبێ لە "پژاك ـ پ ك ك" پرسـیار بکرێ کە حیزبێك لە لایەن بەناوبانگترین رێبەرانی کوردەوە وەکوو قازیو قـاسملوو و شـەرەفکەندی رێبەرایـەتی کـراوە، کەی ئاوی بۆ ئاسیاوی دوژمن هەڵکردوە تا ئێستا دەستی لـی‌هەڵبگرێ؟ ئەو حیزبە نەتـەنیا ئـاوی بـۆ ئاسـیاوی هـیچ دوژمنێك هەڵنەکردوە بەڵکوو بە درێژایی تەمەنی پڕلەشانازی خۆی چقڵـی چـاوی دوژمنـانی کـورد بـووەو سـەنگەری بەرگری لە خەڵکی کوردستان. ئەوەی کە ئاو بۆ ئاسیاوی دوژمن هەڵدەکات پژاك ـ پ ك ك یە کە بۆ خوشـخزمەتی بـە کۆماری ئیسلامی پەنا بۆ هەر چەشنە کارو کردەوەیەك دەبات.

سایتی ڕۆژهەڵات لە درێژەدا ئاوا دەنووسێت: "دمکراتهای محترم و کوملەچی‌های سر بە مهتدی و یەکیەتی شورشگێران که در خارج زمینگیر شدەاند اینك تصمیم گرفتەاند که با متهم نمودن پژاك بە آنچە کە در خیال خود ساختەو پرداختەاند انفعال و عدم حضور خود را در کردستان به نوعی توجیه و تعبیر کنند".

پژاك دەڵێ حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە هەندەراندا زەمین گیر بوونو پەکیان کەوتووەو بە قەولی سایتی "بازتاب" کە بووەتە سایتی تەبلیغی بۆ "پژاك ـ پ ك ك" "ورشکستە" بوون. سایتی ڕۆژهەڵات ئەوەی نەنووسیوە کە گیانی ئەندامانی ئەو حیزبانە وەکوو ئەندامانی "پژاك ـ پ ك ك" لە لایەن سوپای پاسدارانەوە ناپارێزرێ تا بنکەکانیان بهێننە نێو خاکی ئێرانەوە. دەبێ لە وەڵامی پژاك ـ پ ك كو سایتی بازتابدا بوترێ ئەوە حیزبەکانی کوردستانی ئێران نین کە پەکیان کەوتووەو وەرشکستە بوون، بەڵکوو ئەوە ئەوانن کە هەر ڕۆژ بە ناوێکەوە خۆیان بە خەڵکی دەناسێنن. ئاخۆ ئەگەر حیزبێك ڕابردوویەکی چاکی هەبێ لە ناوی خۆی حاشا دەکات؟ هۆی گۆڕینی ئەو هەموو ناوە چیە؟ P.K.K کە چەندین ساڵە شەڕی کردوەو لە پێناوی دروشمی سەربەخۆیی بۆ چوارپارچەی کوردستان بە هەزاران کەس لە لاوانی کوردی بە کوشتن داوە چی بووە بە قەولی عوسمان جەعفەری، ئەندامی کۆنی پژاك ـ پ ك ك کە لە ژمارە ١٣٥ی ئاسۆدا وتوویەتی: "لە کوردستانی سەربەخۆوە هاتە سەر کۆماری دێموکراتیك، لەوەش هاتە وەلاتی ئازاد، لەوەشەوە ئێستا هاتووەتە سەر ئەوەی کە عەفوویەك بۆ گرتووەکانی بدرێت".

ئەوە وەرشکستگیو پەککەوتنە نەك ئەوەی حیزبە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران کە بە هۆی چەند هۆکارێکەوە ناتوانن بڕۆنەوە کوردستانی ئێران.

لە درێژەی نووسراوەکەدا سایتی ڕۆژهەڵاتو بازتاب هاتووە: "آنها به خصوص حزب دمکرات منش بر این گمان واهی‌اند که چون دارای عمر طولانی‌تری هستند باید همگان آنان را میراثدار انقلاب خلق و دستاوردهایش بدانند". دەبێ بە "پژاك ـ پ ك ك" بوترێ کە حیزبی دێموکرات، تەنیا دێموکرات مەنش نیە، بەڵکوو باوەڕێکی قووڵی بە دێموکراسی هەیە لە نێو ئەو حیزبەدا بەبێ ئەوە موشکلەیەك بێتە پێش لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە ڕێبەرایەتی حیزب دەگۆڕێ، خۆ وەکوو ئێوە نیە کە سەرۆکێکی هەتاهەتایی هەبێتو نەگۆڕ بێت. پاشان بەڵێ حیزبی دێموکرات خاوەنی ٦٠ ساڵ خەباتو بەرخۆدانەو لە ڕۆژانی تەنگانەی نەتەوەکەمان ئەوە حیزبی دێموکرات بووە کە بە هانایانەوە هاتووەو لە ڕۆژانی ڕەشو پڕتەنگوچەڵەمەدا ئەوە ئەو حیزبە بووە کە مەشخەڵی ڕێگای خەباتی کوردو کوردستان بووە. ٦٠ ساڵە کە لە پێناوی وەدیهاتنی مافەکانی کورد لە کوردستانی ئێران خەبات دەکاتو قوربانی دەدات، ئێستاش بە دڵنیایی‌یەوە نە حیزبی دێموکراتو نە خەڵکی وشیاری کوردستان ڕێگا نادات بە هیچ حیزبو ڕێکخراوێکی دەستکردی کۆماری ئیسلامیو داردەستەکانی لە کوردستان کە خۆیان بە خاوەنی ئەو شۆڕشە بزانن کە دەیان ساڵە بێ‌پسانەوە بەردەوامە.

سایتی بازتابو ڕۆژهەڵات درێژە بە نووسراوەکەیان دەدەنو دەڵێن: "آقایانی کە کوچکترین تحلیل منطقی و مشخصی از اوضاع و شرایط حاکم بر جامعه ایران ندارند چرا فراخوان اخیر "پژاك" را دایر بر ایجاد یك جبهەی واحد رد کردەاند؟ مگر غیر از این است که از لحاظ سیاسی کاملاً خلع سلاح شدەاند؟ حرفی برای گفتن ندارند؟ و نهایت اینکە

رهبر محترم حزب دمکرات در جواب پرسش مصاحبه‌کننده‌ای می‌فرمایند: "من نمی‌خواهم مردم را بی‌جهت امیدوار سازم، شرایط برای ایجاد یك جبهه‌ی واحد فراهم نیست".

یەکگرتنی لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستان شتێکی زۆر جوانو پیرۆزە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئەو یەکگرتنە لەگەل چ لایەنێك بێت؟ حیزبی دێموکرات بەو رابردووە روونو پڕ لە شانازی‌یە کە هەیەتی چۆن لەگەڵ "پژاك ـ پ ك ك" کە هەر لە بنەڕەتی پێکهاتنیانەوە کاریان مامەڵەکردن لەگەڵ دوژمنانی کوردستان بووە، دابنیشێ؟! رێکخراوێك کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پەنا دەباتە بەر هەرچەشنە ئامرازێکی پیرۆزو ناپیرۆز چەندە جێگای متمانەیە؟، رێکخراوێك کە لە رێگای سایتەکەیەوە ئاوا لەسەر حیزبە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران دەدوێت، داخۆ چەندە داخوازی یەکگرتنەکەی راست بێت؟ ئەو بەرە کە پێکی دێنێت، دەبێ چۆن بێت؟ حیزبی دێموکرات چۆن دەتوانێ لەگەڵ لایەنێك کە بە حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەڵێت ئاشبەتاڵیان کردوەو قسەیەکیان بۆ وتن نەماوە، دابنیشێ؟ یان ئەگەر "پژاك ـ پ ك ك"ویستی خێرە چۆن لە لایەکەوە دەڵێ حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە باری سیاسی‌یەوە پەکیان کەوتوەو هیچیان بۆ وتن نەماوە کەچی لە لایەکی دیکەوە خوازیاری پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لەگەڵ ئەو حیزبانە دەبێت؟ بەراستی لە چەواشەکاریو هەڵبەستنی درۆو دەلەسە لە کۆماری ئیسلامی باشترن.

پاشان سایتە ناوبراوەکان لە درێژەی باسەکەیاندا دەڵێن: "باید از ایشان پرسید: چرا شرایط فراهم نیست؟ نکند آقای هجری و همکاران حزبی‌اشان که خود مدام بر سروکله‌ی همدیگر می‌کوبند و انشعاب درپی انشعاب بەراه می‌اندازند منتظرند که خوان نعمت انقلاب خلق کرد برایشان گسترده شود و آنگاه پاورچین، پاورچین تشریف فرما گردند و گره از کار فروبسته‌ی خلق کرد بگشایند".

بەرێز کاك مستەفا هێجری، سکرتێری گشتیی حیزبو رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەکەن، تەنانەت لەگەڵ کادرو پێشمەرگەکانی حیزبیش ئەم کارە دەکەن، ئەوە تایبەتمەندیی حیزبێکی دێموکراتە کە لە حیزبە دیکتاتۆرەکاندا بەدی ناکرێ، بەڵام ئەوەی کە" پژاك ـ پ ك ك" دەڵێ بە سەروکەللەی یەکتری‌دا دەکوتن، لەوەوە سەرچاکە دەگرێ کە ئەندامانی و رێبەرانی ئەو رێکخراوە لە گەڵ بنەماکانی دیموکراسی ئاشنا نین ئەوەندە دیموکراسی لە نێو پژاك-پ ك ك نامۆیە کە لە دیالوگ و ئاڵوگوری بیرو را و رەخنە و پێشنیار بە کوتانی سەر وکەللەی یەکتری ناو دەبرێ, ئەلبەت ئەوەش لەو حێربە چاوەروان دەکرێ چوونکە ئێستاش ئەوە ئوجەلانە کە لە ژێر چنگی دەزگای میتی تورکیەوە بە جێگای ئەوان بیر دەکاتەوە , ئێستاش هەر ئەوە کە بڕیاریان بۆ دەر دەکات. ئەوە دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە تا چەندە سەربەخۆیی سیاسییان هەیە؟ پاشان ئەوەی کە دەڵێن حیزبی دێموکرات بە تەمایە سفرەی نێعمەتی شۆڕشی خەڵکی کوردستان پان ببێتەوەو دوایی حیزب هەڵمەت بکوتێتە سەری، دەبێ بوترێت کە ئەو سفرەیە کە "پژاك ـ پ ك ك"و کۆماری ئیسلامی قسەی لێوە دەکەن لە ئاکامی ٦٠ ساڵ خەباتی گەلی کورد لە ریزەکانی حیزبی دێموکرات پێك هاتوە کە ئێستا" پژاك ـ پ ك ك" دەیەوێ بە چەواشەکاری خۆی بخزێنێتە سەریو بە نێوی خۆیەوە تۆماری بکات. هەر بەو بۆنەیەوە وا هێرش دەکاتە سەر حیزبو رابردووی حیزبو رێبەرایەتی حیزب.

له درێژەی نووسراوەکەدا هاتوە کە: "مثلث نامبرده در اتهام دیگری که به پژاك نسبت می‌دهد بخاطر آنچه که آنان آن را یك حزب خارجی می‌دانند مورد شماتت قرار می‌دهند".

جێگایەتی بەو وتەیەی ئوجالان کە لە دادگای تورکیەدا گوتی ئەو ماژە بکەین کە دەڵێ: "ئێمە دروشمی سەربەخۆیی بۆ کوردستانمان بە بۆنەی کۆکردنەوەی چەکداری زیاتر هەڵگرت". لێرەدا بە روونی دەردەکەوێ کە پژاك کومیتەیەکە کە P.K.K بۆ کۆکردنەوەی هێزی چەکدار کەڵکی لێوەردەگرێو بە دانی دروشمی زەرقوبەرقدارو هەواڵی چەواشەکراو کە گۆیا هێزەکانی پژاك ئەوە لەگەڵ رێژیمی ئێران بەشەڕ هاتوون، دەیەوێ رای گشتی خەڵك بۆ لای خۆی رابکێشێ، ئەوە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ بیانیبوونی "پژاك ـ پ ك ك" کە هیچ پێوەندییەکی بە کوردستانی ئێرانەوە نیە.

پاشان ئەو سایتانە دەڵێن: "آقایان آیا واقعاً نمی‌دانند که "حزب حیات آزاد کردستان ـ پژاك" هم در سطح رهبری و هم در سطح اعضای خود سازمان یافته از عناصر فعال و ازجان گذشته ایران و خاصه شرق کردستان است".

هیچ کات لەوە حاشا نەکراوە کە ئەندامانی پژاك چ ئەوانەی سەرەوەو چ ئەوانەی کە پلەیەکیان نیە خەڵکی کوردستانی ئێرانن. بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە پژاك هیچ ئیرادەیەکی لەخۆیەوە نیەو هەڵوێستێکی سەربەخۆی لێ بەدی ناکرێو راستەوخۆ لە خزمەتی سیاسەتەکانی دوژمنانی گەلی کوردستانە. بۆ وێنە عوسمان جەعفەری، ئەندامی کۆنی "پژاك ـ پ ك ك" لە ژمارەی ١٣٥ی ئاسۆدا دەڵێ: ". . .لە تاکتیكو سیاسەتی خۆماندا سەربەخۆییەکی تەواومان هەبێت، چونکە کاتێك لە نێو P.K.Kدا بووین سەربەخۆیییەکی تەواومان نەبوو، هەموو شتێك لە ژێر سەرمایەگوزاری P.K.Kدا بوو. ئەو سەرمایەگوزارییەش کە دەکرێت راستو دروست لە خزمەتی گەلی کورددا نەبوو، زیاتر بۆ دوژمنانی گەلی کورد دەگەڕایەوە!؟"

لە نووسراوەیەکی تردا لە ژێر ناوی "بەڵێ پژاك لە مەیدانە. . . ئەوەش دەنگی P.K.Kیە. . ."، نووسینی عەلی فورات دوست کە لە سایتی رۆژهەڵات بڵاو بووەتەوە بە راشکاوی دەڵێ " ئەرێ راستە PJAK تەواو ئاپۆچییە. . ."، هەروەها دەڵێ: "لە بابەت ئەوەی کە پژاك هەمان P.K.Kی رۆژهەڵاتە دەبێ بڵێم راستە، وایە". ئەمانە بەڵگەگەلێك بوون بۆ سەلماندنی ئەو راستییە کە پژاك خاوەنی هیچ چەشنە سەربەخۆیییەکی سیاسیو بڕیاردان نیە، بەڵکوو P.K.K بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی کوردستانی ئێران پێکی هێناوە کە لە درێژەی ئەو قەولو بەڵێنییانەیە کە P.K.K بە کۆماری ئیسلامی داون.

پاشان لە درێژەی نووسراوەکەدا هاتووە کە "دوستان عزیز و در رأس آنها "حزب دمکرات کردستان ایران" که خداوند طول عمر رهبرانش را زیاد فرماید چرا پاسخ نمی‌دهند در طول این بیست و هفت سالی که از سقوط رژیم وابسته پهلوی می‌گذرد، چه گلی بر سر مردم زده‌اند که اینك در مقام ملامت حکم صادر می‌فرمایند و انگشت اتهام به سوی این و آن دراز می‌کنند".

بەراستی زۆر سەیرە!، "پژاك ـ پ ك ك" لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هاودەنگ بووەو لە ٢٧ ساڵ خەباتی خوێناوی خەڵکی کوردستان حاشا دەکات، ئەوە ئیتر ئەوپەڕی خوشخزمەتی بە دوژمنانی سوێندخواردووی کوردە. جۆرێ قسە دەکەن کە گوایا کۆماری ئیسلامی رێژیمێکی دێموکراتو کورددۆستەو ئەوە حیزبی دێموکراتە کە زمانی قەناعەتی نیە!!

چاکە بە بیریان بێنینەوە کە هەر لە ساڵی ١٣٥٧ەوە کە ڕێژیمی ئیستای ئێران بەدەسەڵات گەیشت وەڵامی پەیامی ئاشتیو مافخوازی گەلی کوردی بە فتوای جیهاد دایەوەو بە شێوەیەکی دڕندانە هێرشی کردە سەر خەڵکی کوردستان، بە جۆرێك کە رشتنی خوێنی خەڵکی کوردستان حەڵاڵ کراو سەرکۆماری ئەوکاتیش لە وتەیەکدا وتی: "تا سەرکوتی کورددستان پووتینەکانتان درنەهێنن". لەو کاتە ناسکەداو لەو سەردەمەدا کە گەلی کورد هیچ دۆستو پشتیوانێکی نەبوو، ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە لە سەنگەرەکانی پێشەوەی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە مانو مەوجوودییەتی خەڵکی کوردستان بەرگرییان دەکرد. ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە لە ماوەی ٢٧ ساڵ تەمەنی پڕ لە جورمو جینایەتی ڕێژیمی ئێران لە پێناوی مافەکانی گەلی کورد ئەوپەڕی فیداکاری کردووە. باشە ئەوانە لە خۆیان ناپرسن کەسایەتی‌یەك وەکوو دوکتور قاسملوو بۆچی؟ لە پێناوی چی؟و بەدەستی کێ شەهید کرا؟ ئەو هەموو شەهیدە بۆچی دراون؟ ئەو هەموو گوندە لەسەرچی کاول کراون؟ قارنێو قەڵاتانو ئیندرقاش بۆچی وایان بەسەر هات؟ پتر لە ٢٠ ساڵ خەباتی چەکداری کە بووەتە هۆی شەهیدبوونی هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان لە پێناوی چیدا بووە؟ بەڵێ ئەوانە هەموو لە پێناوی وەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورددا شەهید کراون، دوژمنانی گەلی کورد دڕندەتر لەوەن کە "پژاك ـ پ ك ك" دەزانێ!! رەنگە تا رزگاری کوردستان ئەوەندەی دیکەش یان تەنانەت زیاتر مرۆڤی کورد شەهید بکرێن بە وتەی شەهید دوکتور قاسملووی نەمر "گەلێك ئازادی بوێ، دەبێ نرخی ئازادی‌یەکەی بدات؟. ئەوە تەنیا گۆشەیەکی زۆر زۆر بچووك لە خەباتی رزگاریخوازانەی کوردستانە، کەچی "پژاك ـ پ ك ك" وەك کۆماری ئیسلامی حاشای لێدەکاتو دەڵێ چیتان کردوە. "پژاك ـ پ ك ك" دەیەوێ بە حاشاکردن لە خەباتی گەلی کورد لە ئێران، خۆی مەترەح بکاتو شۆڕشی کوردستان بە قازانجی هاوپەیمانەکانی بەلاڕێدا بکێشێ.

وا تەبلیغ دەکات کە دەڵێی تا ئێستا لە کوردستانی ئێراندا هیچ رێکخراوێك سەری هەڵنەداوەو ئەوە "پژاك ـ پ ك ك" فریشتەی نەجاتی کوردستانی ئێرانە. ئەو سیاسەتە راست لە وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێت، چوونکە ڕێژیمو داردەستەکانی بەو هیوایەن کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەرامبەر بەو جووڵانەوەیە کە بڕگەیەك لە مێژووی پڕ لە شانازی کوردستانی ئێرانە رابوەستێو لە هێزێکی سیاسی کە هیچ پێوەندی‌یەکی بەو بەشەی کوردستانەوە نیە وەکوو ئاڵتێرناتیڤێکی کونترۆڵکراوو داردەست کەلکی لێوەربگرنو نێوی حیزبی دێموکراتو ئەو گەورە پیاوانەی کە لە پێناوی چەسپاندنی مافی ئەو گەلەدا گیانیان بەخت کردوە لە نێو کۆمەڵگەی کورددەواریدا بسڕنەوە تا بەم جۆرە بە نیازە گڵاوەکانیان بگەن. بەڵام تواندنەوەی جووڵانەوەیەك کە ریشەی لە نێو دڵی خەڵکیدایەو تەمەنێکی پڕ لە شانازی تێپەڕاندوە کارێکی هێندە سووكو ئاسان نیەو لە کۆتاییدا شتێك بێجگە لە سەرشۆڕیو ریسوایی بۆ ئەو لایەنە سیاسییەی کە بووەتە ئامرازی جێبەجێکردنی پیلانەکانی ڕێژیم نامێنێتەوە.

سایتی رۆژهەڵاتو بازتاب لە درێژەی باسەکەیاندا دەڵێین: "حزب و سازمانهایی کە توان ترتیب دادن کوچکترین حرکت اعتراضی را حتی در اروپای آزاد ندارند و در عصر ارتباطات و رسانەها فاقد یك سیستم خبررسانی رادیویی درست و حسابی هستند و . . . "

"پژاك ـ پ ك ك" کە سیاسەتی حاشاکردنی لە دەوڵەتەکانی تورکیەو ئێران وەرگرتووە لەو خۆپیشاندانانە کە حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە کاتی پێویستدا لە شوێنە جیاجیاکانی ئورووپاو ئامریکا سازی دەکەن حاشا دەکاتو

خۆیانی لـێگێل دەکەن. سەبارەت بە سیستەمی رادیویی‌و هەواڵنێری پێشکەوتوو، بەڵـێ راستە پ ك ك هەیەتی، بەڵام بە چ قیمەتێك هەیەتی؟! ئەگەر حیزبەکانی کوردستانی ئێـران بەتایبــەتی حیزبـی دێمــوکرات لەســەر کــوردی عێــراق‌و تورکیەو سووریە مامەڵەیان بکردبایە، یان لەسەر سنوورەکان بە یارمەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردســتان گــومرۆکی دابنایەو باجی لە خەڵکی هەژارو فــەقیر وەرگرتبایــە، ئێســتا بــە دڵنیایی‌یــەوە پێشــکەوتووترین رادیــوو تەلــەویزیۆن‌و هەواڵنێری هەبوو.

لە کۆتایی نووسراوەکەی سایتی رۆژهەڵاتدا هاتووە "دوستان عزیز همەی ما مدیون مبارزات پیگیر شهیدان گرانقدر این آب‌و خاکیم. شهیدان عزیز و والامقامی همچون "پیشوا قاضی، دکتر قــاسملو، فــواد سلطانــی، دکـتر شــرفکندی، برادران معینی، شریف زادە و ملاآوارە" و دیگران، بیایید بە حرمت خون این عزیزان و منافع حیاتی خلق ستمدیدە کرد فارغ از هرگونە خودبینی و بە دور از کوتەنظری‌های سیاسی و فرهنگی دست اتفاق بە سوی هم دراز کنیم".

جێگای ئاماژەپێ‌کردنە کە ئەو سایتە لە بابەتێکی‌تردا لە ژێر ناوی "بەڵـێ پژاك لە مەیدانە. . ."، نووسینی عەلی فورات دۆست دەڵــێ: "ئەوەشتان لەبیر نەچێت کە پژاك لە کۆنگرەو کونفرانسەکانی خۆی‌دا وێنــەی شــەهیدان قــاسملوو، قازی محەممەدو کاك فواد موستەفا سوڵتانی بەکار هێناوەو خۆی بــە درێــژەدەری رێگــای ئــەو شــەهیدانە دەزانێــت (بــە شێوەیەکی نوێ)".

ئەم جارەیان "پژاك — پ ك ك" لە پشت شەهیدانەوە خۆی حەشار دەداتو لەوێوە تەقە لــە درێژەپێــدەرانی رێگــای شەهیدەکان دەکات. هەمووی ئەو شەهیدانە کــە لــە ســایتی رۆژهەڵاتــدا ناویــان لــێ‌براوە و وێنــەیان لــە کــونفرانس‌و کۆنگرەکانی "پژاك ـ پ ك ك" هەڵواسراوە، کاتی خــۆی رێبــەری ئــەو حیزبانــە بــوون کــە "پــژاك ـ پ ك ك" رەدیــان دەکاتەوەو هێرش دەکاتە سەر رابردووی ئەو حیزبانەو دەڵــێ لەو ٢٧ ساڵەی رابردوودا چییان کردوە، ئەگەر بــە قــەولی "پژاك ـ پ ك ك" هیچیان نەکردوە بۆچی ئەو رێبەرانە شەهید کراون. لێرەدا دەردەکەوێ کە ئەوە لە خۆشەویستی‌دا نیە کە "پژاك ـ پ ك ك" ناوی ئەو رێبەرانە دێنێ، بەڵکوو بۆیان دەرکەوتووە کە لــە نێــو کۆمــەلانی خــەڵکی کوردســتاندا دەستیان روون بووەتەوەو ئێستا دەیانەوێ بە خۆهەڵواسین بە شــەهیدانی گــەورەی گەلەکەمانــەوە ئــابروو و ئێعتبــار بــۆ خۆیان بکڕن، بەڵام ئەوە خەیاڵێکی خاوە.

باشە ئەوان دەڵێن خۆمان بە درێژەدەری رێگای ئەو شەهیدانە دەزانین، ئاخۆ رێبازی ئەو شەهیدانە کەی ئاپۆچی‌گەری بووە؟. کەی ئەو شەهیدانە لەسەر کوردستان مامەڵەیان کردوە؟. ئەگەر تەنیا تۆزێك لە رێبازی دوکتور قــاسملووی نــەمر تێ‌بگەیشتبایان، هەرگیز فەردپەرستییان نەدەکرد. ئەگەر درێژەپێــدەری رێگــای ئــەو بایــان‌و قاسملووتــان وەکــوو خــۆی بناسیبایا چرکەساتێکیش لە نێو ریزی "پژاك ـ پ ك ك" کە هەردەم لەگەڵ دوژمنێکــی گــەلی کــورددا رێــك دەکــەوێ رانەدەوەستان.

یان دەڵێن بە دوور لە هەر چەشنەبیرتەسکی یەك با یەك بگرین ،باشە"پــژاك-پ ك ك" کــە ئەوەنــدە بــیر تەســك و وشکە کە هیچ حیزبێکی لە چوار پارچەی کوردستاندا بە غەیری خۆی قەبووڵ نیە وبە توندی هێرش دکاتە سەریان و بــە خەیانەتکار دەریان دەکات، بە چ شێوەیەك دەتوانێ ئەو یەك گرتنە پێك بێنێ کە باسی دەکات ؟ ئەو بەرەیە دەبێ چــون

بێ که "پژاك-پ ك ك" دەیەوێ پێکی بێنێ؟ ئاخۆ"پژاك-پ ك ك" که خۆی به خاوەنی جوولانەوەی کورد دەزانی و حیزبەکانی کوردستان به پەك کەوتوو وەرشکسته و بیرتەسك ناو دەبات چون دەتوانێ له گەڵیان پێك بێ؟

جەمیل/ سنه
Email: jml_klh@yahoo.com